# چەند تێزێک سەبارەت بە نزیکایەتیی بەرهەمی هونەری و زبڵ

## 1. هەردووکیان بەرامبەر بە "بەش"ەکانی خۆیان بێباکن:

سەلەیەک زبڵ، لە کەڵەکەیەک زبڵ و وردکە و پرتکەی« بەشەکی و بەش بەش» پێکهاتووە، کە تێکڕا و لە کۆدا نایەنە بەرچاو، لە ژماردان نایەن، جێگۆڕینیان هیچ گۆڕانێک لە زبڵێتیی کۆی زبڵەکەدا درووستناکات. هەر بەشێک هەم خۆی زبڵە و هەم زیادەیەکیشە بەسەر زبڵەکەوە. بەشەکان و وردەکارییەکان ئەو کاتە بایەخ وەردەگرن کە کەسێک بیەوێت ئەو شتە پەیدابکاتەوە کە بەهەڵە فڕێی داوەتە ناو سەتڵی زبڵەکەوە. لەم حاڵەتەدا و لەوێدا کە دوای مەبەست و بەرژەوەندییەک دە کەوێت، ئیدی بەوردی بەش بە بەشی زبڵەکە دەپشکنێت، ڕێک وەکچۆن کۆکەرەوە(کۆڵکسیۆنەر) و گەلەریدار یان فرۆشیاری پیشەیی بەرهەمە هونەرییەکان لەگەڵ بەرهەمێکدا بەم جۆرە دەجوڵێتەوە. لەو جێیەدا کە بەشەکان زیاد لە ڕادە بایەخ وەردەگرن، ئیدی نە زبڵێك بوونی هەیە و نە بەرهەمێکی هونەریش.

## 2. هەردووکیان بە نێوانگریی کردەیەکی سوبێکتیڤەوە ناودەنرێن و پێشوەخت هیچ پێناسەیەکیان نییە:

بڕ و هەمەڕەنگیی بەرهەمە هونەرییەکان و ئەو شتانەی کە بە زبڵ دادەنرێن هێندە زۆرە کە لەڕاستیدا قسەکردن لە چەمکی زبڵ یان چەمکی هونەر، هیچ یارمەتییەکمان نادات بۆ تێگەیشتنیان. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت وتوویانە: *هونەر* بوونی نییە، ئەوەی هەیە *بەرهەمی* هونەرییە. ڕێک لەبەر هەمان هۆ، هەر لە بنەڕەتەوە ناتوانین پێناسەی "زبڵ" بکەین، بەڵکو تەنیا شتگەلێک هەن و پێیان دەوترێت زبڵ. دیسان ڕێک لەبەر هەمان هۆیە کە زۆرێک لەو شتانەی بە زبڵ دادەنرێن، زبڵ نین و بەپێچەوانەشەوە: [ڕەنگە زۆرجار] ئەوەی پێی دەوترێت "بەرهەمی هونەری" زبڵ بێت و بە پێچەوانەشەوە.

## 3. هیچیان بەکارناهێنرێن(مەسرەفناکرێن)

زبڵەکان کەمتازۆر هەر جۆرە" بەهایەکیبەکارهێنان" یان لەدەستداوە، هەڵبەت مەگەر وەکو کەرەستەیەکی سەرەتایی" دووبارە وەدەستهاتوو "بە کاربهێنرێنەوە.

بەرهەمە هونەرییەکانیش بڕیارە هیچ مەسرەف و بەکارهێنانێکیان نەبێت، هیچ سوود و پێویستییەك پڕنەکەنەوە. تەنانەت ناشیانەوێت ڕۆڵێکی ئارایشتی و دیکۆرییان

هەبێت. بڕێک زبڵی ڕاستەقینەش هیچ بە کارهێنانێکی ئارایشتیانەی نییە. ئەو کاتەی کە خەسڵەتێکی ئارایشتییان هەیە و بەکاردەهێنرێن، چیتر نە زبڵن و نە بەرهەمی هونەرییش.

## 4. هەردووکیان، لە هەندێک حاڵەتدا، هەروا بەسادەیی دەگۆڕێن بۆ یەکتر:

زبڵ و بەرهەمی هونەری لەو شتە کەمانەن کە توانایەکی سەیریان هەیە بۆ گۆڕینی جێگاکانیان، چ جێگای ڕەمزی بێت یان جێگای فیزیکی. زبڵەکان دەتوانن هەروا بنرێنە یەکەوە و وەک بەرهەمی هونەری بچنە مۆزەخانە یان گەلەرییەوە. زۆرێک لە زبڵەکان، پێشوەخت خاوەنی خەسڵەتێکی ئامادەی هونەریین. لەوەش گرنگتر، زۆرێک لە " بەرهەمە هونەرییەکان" لەڕاستیدا جگە لە زبڵ هیچی تر نین.

## 5. هەردووکیان بەرهەمی ڕاستەوخۆی«بەکاڵابوون»ن:

تا ڕادەیەک هەر زبڵێک ڕۆژێک لە ڕۆژان کاڵا بووە. تا ڕادەیەکیش هەموو بەرهەمە هونەرییەکان ناچارن و "حەزیشدەکەن" ڕۆژێک لە ڕۆژان ببنە کاڵا. سەرمایەداری و شێوازی بەرهەمهێنانی کاڵایی، لە ئاستە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و مەسرەفکردندا، قەبارەیەکی گەورەی خاشاک و زبڵ و گەنوگوو و شتی بەهەدەردراو

بەرهەمدێنێت. گۆرانی "زبڵ و خاشاك"یش بۆ "کێشە"یەکی(ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، و تەنانەت سیاسییش) تەنیا لە هەناوی بەرهەمهێنانی کەپیتاڵیستی و کۆمەڵگای پیشەسازییدا خۆی دەرخستووە. بەرهەمە هونەرییەکانیش، تەنیا لە هەناوی ئەبستراکتگەرایی و داماڵین لە خەسڵەت و بەکاڵابوونی سەرمایەدارانەدا توانیویانە ببنە شتانێکی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم، هاوکات وابەستە بە بازاڕی بەرهەمهێنان و مەسرەفەوە.

## 6. هەردووکیان، بە پێچەوانەی کاڵاکانەوە نا-جوان و نا_پاکوپوختەن:

ئەمڕۆ چەمکی" جوانی "و" قەشەنگی "تەنیا سەبارەت بە کاڵاکان تەواو ڕاست و مانادار دەردەچێت .کاڵاکان لە هەموو ڕوویەکەوە لە لوتکەی هارمۆنییەتی فۆرماڵ و لەخشتەبردن و عیشوەگەری و درەوشانەوە و وردبینیی پێکهاتەبەندی و بیناسازییانەدان. هەر لەبەر ئەمە، "باشترین" بەرهەمیش تەواو بەنێوانگریی لاساییکردنەوەی کاڵاکانە کە دەتوانن جێیەکیان لە بازاڕدا هەبێت. لاسایی و ڕکابەرییەك کە دواجار سەرتاپای بەرهەمەکە دەکاتە کاڵایەکی پەتی، و گرژیی نێوان کاڵایبوون و سەربەخۆبوون یەکسەر لە بەرژەوەندیی یەکەمیان لادەبات. لە بە رامبەردا، بەرهەمە هونەرییەکان هەمیشە تا ڕادەیەکی زۆر ناقۆڵا و نا-جوانن و یان وەك دەوترێت «بە بای خەیاڵیاندا نایەت [چۆن سەیردەکرێن]». گەرچی زۆر گرنگی بە ناسکی و تەڕ و تازەیی نادەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەویقارن و ئسوڵ و ئاداب

پەیڕەودەکەن. "بێباکی"یەکەیان هیچ پەیوەندییەکی بە دزێوی و گاڵتەجاڕیی کاڵاکانەوە نییە. زبڵەکانیش، بە تەنیشت مرۆڤە بەدبەخت و بێچارە و پەراوێزکەوتووەکانەوە، نیشانەی شتە ناشیرینەکانن لە دنیای سەرمایەدارییدا؛ تەنانەت ئەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان جوان یان "وەفادار"ێکـی ناشیرینیش نین.

## 7. هەردووکیان خەسڵەتێکی نا/سرووشتییان هەیە:

بەپێچەوانەی تێڕوانینی باوەوە، سرووشت زۆر لەناوبەرە، بەڵام ئەو شتەی کە ناوی «زبڵ»ـە؛ تایبەتە بە سرووشتی دووەم یان هەمان کۆمەڵگەی بۆرژوازیی مۆدێرن و بەرهەمهێنانە کاڵاییەکە تایبەتەکەی. بەرهەمی هونەرییش وەکو توخمێکی نائە ندامی(نائۆرگانی) و پێچەوانەی نەپسان و یەکڕەنگیی چۆنییەتیی نواندنەوەی واقیع کاردەکات. بە پێچەوانەی شتە سرووشتییەکانەوە، بەرهەمە هونەرییەکان بەشر گەلێک نین لە خزمەتی گشت دا بن و کۆك و هەماهەنگ بن لەگەڵیدا.

## 8. **هەردووکیان وەک *زیادە* وان: ناتوانین لە شەڕ و بەڵای هیچکامیان ڕزگارمان بێت؛ ناشتن یان سوتاندیان بێسوودە:**

زبڵەکان لە ڕاستییدا بریتین لە بەشی بەکارنەهێنراو و مەسرەفنەکراوی ئەو شتانەی کە دەتوانرێت مەسرەف بکرێن .ئەم بەشانە بە زەروورەت وەکو زیادەیەک لکاونەتە شتە مەسرەفییەکانەوە، وەکو کاغەزی پێکەوەبەستنی شیرینییەکان، یان سندووق و کەوڵی تەلەفزیۆنێک، یان لاپەڕەکانی ڕۆژنامە کە بڕیارە هەڵگری زانیارییەکان بن وەک کاڵاکان و...

بەرهەمە هونەرییەکانیش وەکو زیادەیەک لکاون بە جەستەی پانتایی ڕەمزی و پەیوەندیگرتنەوە. ئەوانە ناسێنەری شتێکن کە دەرنابڕدرێن و بێمانان و لە هەر جۆرە دەربڕین و پەیوەندی و گواستنەوەیەکی مانادا خۆیان حەشارداوە. گەر مەسرەف(کاڵاکان و زانیارییەکان) و پەیوەندییەکان(لە خزمەتی کاڵاکان و زانیارییەکاندا بە دوو ئامانجی سەرەکیی سەرمایەداریی دوایین بزانین، ئەوا زیادەکانیان بریتیین لە زبڵەکان و بەرهەمە هونەرییەکان.

## 9. هەردووکیان، بە جۆرێکی ناڕاستەوخۆ و ناوەندیدار، هەڵگری بەڵێنی ڕزگاریین:

زەبوونی و بێنەوایی زبڵەکان لە بەرامبەرشکۆ و درەوشاوەیی کاڵا(یەکدا کە خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان وەها بووە)، زەبوونی و بێ نەوایی بەرهەمە هونەرییەکانیش لەبەرامبەر شکۆ و درەوشاوەیی ئایدیا یان ئایدیاڵی هونەردا (کە بڕیاربووە دەستی پێی بگات) زەروورەتی ڕزگاربوون و دەربازبوون" یان " ئاشکرادەکرد. ڕەنگە هەر لەم ڕووەشەوە بێت کە لە هونەری مۆدێرندا، زبڵ دەتوانێت جێی بەرهەمی هونەری داگیربکات(لەوانەیە ئێستاش تەنیا زبڵەکان بن کە دەتوانن شوێنێکی وەها داگیربکەن)، بەم جۆرەش مەودای شتە بەشەکییەکە(هەژارییەکەشی لە بەراوورددا) بەهۆی شوێنی بەتاڵی هونەرەوە لە خۆیدا پیشان بدات. (تابلۆی چوارگۆشەی ڕەش بەسەر ڕووی سپیەوە، بەرهەمی کاسیمێر ماڵڤیچ، بەشێوەیەکی فۆرماڵ و رواڵەتی ئەم مەودایەی بەرجەستەکردووە).

## 10. هەردووکیان توانای بەدەستهێنانەوەیان تیایە:

بەتەنیشت پرۆسەی بەدەستهێنانەوەی زبڵەکانەوە کە فۆرمی زەمینیی ڕزگاربوونیانە(چونکە بڕیارە ببنەوە بەو کاڵایەی کە پێشتر هەبوون)، وەک دەوترێت بەرهەمە هونەرییەکانیش ئەمڕۆ بە لوتفی دەزگاکان و کەسایەتییە "کەلتورییە

دیارەکان"ـی وەک خاتوو س و ئاغای ص و... دەتوانن لانیکەم سەبارەت بە هونەرمەندانی خواپێداوی دروستکەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە «پێویستەکان!» بەدەستبهێنرێنەوە، یان لە جۆری دۆزینەوە لە هەڕاجی کریستی و ... بفرۆشرێن و بگەنە ئامانجی خۆیان، کە ڕزگارییە.

## 11. هەردووکیان پێویستیان بە جۆرێک لە ڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانی(دواشەوی مەسیح) هەیە:

دەتوانین هەم زبڵ و هەم بەرهەمە هونەرییەکانیش بە تاکە پاشماوەی ڕاستەقینەی پرۆسەی تیۆلۆژیی گۆڕانی جەوهەری یان «عەشای ڕەببانی» بزانین. بەو جۆرەی کە قەشە بە لوتفی پێگە ڕەمزییەکەی، لانیکەم لە ئاینزای کاسۆلیکدا، دەتوانێت نان و شەرابی ئاسایی بگۆڕێت بۆ گۆشت و خوێنی مەسیح، ئەمڕۆش کەسانێک هەن دەتوانن تەنیا بە پشتبەستن بە "ناوبانگ" یان پێگەی ڕەمزیی خۆیان، هەموو زبڵێک بگۆڕن بۆ هونەر؛ یاخود بەرهەمی هونەریی ڕاستەقینە فڕێبدەنە سەتڵی زبڵی بەرهەمە فەرامۆشکراوەکانەوە. بە وتەی ژاك ڕانسێر، ئەوەی کە بڕیاربێت چ شتانێك ببینرێن یان ببیسترێن یان لە جیهانی هەستپێکراوەکان/مەحسوسات بسڕدرێنەوە، نە ک پرۆسەیەکی ئێستاتیکی نیە بەڵکو سەرتاپا سیاسییە. ئەمڕۆ لە کەلتوری بەناو

**سیکۆلاردا هێشتا کەسانێک هەن کە تەنانەت هونەریبوونی غەزەلەکانی حافز[ـی شیرازی]یش پەیوەستە بە چەشەی قودسی و دینییانەوە، چ بگات بە زبڵەکان.**

**ئەم دوو تێزەی کۆتایی، واتە 10 و11 ، ئایدیای «جێشانازی»ـی موراد فەرهادپورن. کەمتازۆر هەموو دەستەواژە و شێوازبەندییەکانی ئەم دوو تێزە پەیوەستن بەوەوە.**

**ئومید میهرەگان**

**و. وەلید عومەر 2014**